کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-5-2007 0:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## پێگەی وەزارەتی ناوخۆ لەسلێمانی مینبەرێکە بۆ فەتوای گەورە تیرۆریستەکان ... چاودێرێک

لەزنجیرە تەقینەوەکانی ئەم دووایییەی کوردستاندا لەهەولێر و مەخموور و پێشتر لە خانەقی و کەرکوك و ڕووداوەکانی سنووری پێنجوین.. کۆمەڵی زامی قووڵ و جەرگبڕ لەجەستەماندا بەجێما و زۆر منداڵ و جگەر گۆش بۆ هەتاهەتایە لەسۆزی باوك یان دایکیان بێبەش بوون زۆر دایك و باوك جەرگیان سووتا و شیرازەی زۆر خێزان لێك داترازا.. بەهۆی پلانی شەڕەنگێز و دوژمنانەی کۆمەڵی گروپ و ڕێخراو لایەنی تیرۆریستی کەلەناخەوە بۆ ناخ دژ بەئاشتی و تەبایی و پێکەوە ژیانی برایەتین... عەقلێیەتی کۆنەپەرستانەی ئەو تاوانبارانە زۆر لە چەکی ئەتۆمی و کۆمەڵ کوژ ترسناکترن لەبەر ئەوەی ئەو گورگە مرۆییانە لەهەر کوی بن میکرۆبن و هەرچی بکەن بکوژ و جرو جانەوەرن.. ئەم تاقم و گروپانە نەك بەتەنها لەعێراقی فیدراڵی و کوردستاندا بەڵکە لەتەواوی جیهانی دیموکراتیدا نەفرەت لێکراون و هێڵی سوور بەژێریاندا هاتووە.. کام دەوڵەتەی زۆر پێشکەوتوو دیموکراتییە لە ڕۆژئاوادا زۆر تۆکمەتر و سەرسەختتر لەدەوڵەتەکانی جیهانی سێیەم بەرەنگاری ئەم ڕێخراوە تیرۆریستییانە دەبێتەوە لەبەر ئەوەی ئەرکێکی مێژوویی و ڕەوشتی مەزنە بۆ پاراستنی ئیستا و ئایندەی لە پلانە گڵاوەکانیان کە قەتماغەی خوێن و کووشتن و کاولکارییە.. لەهەر شوێنێك سێبەری ئەم گروپانە دەربکەوی مەرگ و جەنگ و قاتوقڕی و دواکەتن لەگەڵ خۆیان دەهێنن هەر لە ئەفغانستانەوە بۆ چیچان و پاکستان تا دەگاتە عێراق و... هتد.

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە لەم دووایيانەدا پێگەی وەزارەتی ناوخۆ لەسلێمانی هەستاوە بە سازکردنی چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەمیری پێشووی بەناو جوندالئسلام گەورە تیرۆریست مەلا کرێکار.. من لێرەدا هەوڵ دەدەم ڕاڤەیەکی بابەتیانەی باسەکە و ووردەکارییەکانی بخەمە ڕوو.. تاهەموو لایەنێك لەهەڵدێرەکەی وەزارەتی ناوخۆ بەئاگابێنمەوە داواکاریشم لەپێگەی بەڕێز و میانڕەوەی کوردستان نیت بڵاوی بکاتەوە.. تاکو هەمووان بزانن تیرۆریست هەر تیرۆریستە و کلکی سەگ هەرگیز ڕاست نابێتەوە.. هەروەها تا بزانن پێگەی وەزارەتی ناوخۆ چ خەتاو ناماقوڵییەکی کردووە بەسازدانی ئەم چاوپێکەوتنە. لەهەر چوار جەمسەری جیهاندا پێگەیەکی ئەلکترۆنی یان هەر دەزگایەکی تری ڕاگەیاندن کە بەفەرمی سەر بەدەزگایەکی حکومی بێت پێویستە لەهەموو ڕوویەکەوە خاوەن پەیامێکی فەرمی بێت لەبەرئەوەی بە حوکمی پابەندبوونی بەلایەنێکی میرییەوە بیەوێت یان نەیەوێت خاوەن پەیامێکی دیاریکراوە کە زمانحاڵی حکومەتە جانەخوازە ئەگەر هاتوو ئەم دەزگایە وەزارەتی ناوخۆ بێت کەئەرك و فەرمانەکانی لەتەواوی گێتیدا سەقام گیرکردن و بەرقەرار کردنی ئەمن و ئاسایشە لە نیشتیماندا.. ئەو کات بێگومان پەیامەکەی زۆر مەسئولانە تر وهەستیارتر دەبێت ؛ دیارە وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان لە سلێمانی وەك زۆرینەی وەزارەتەکانی ناوخۆ لە جیهاندا خاوەن پێگەیەکی ئەلیکترۆنی یە کە بووە بە زمانحاڵێکی هاوچەرخ و فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەکاروبارەکانی پەیوەست بەوەزارەتی ناوخۆوە.. گومانیش لەوەدا نیە کە ئەو پەیامەی لەم مینبەرە فەرمییەوە دەخرێتە ڕوو پێویستە خاوەن بەرنامەیەکی دروستکار و سەنگین بێت لەوەی کەهەوڵ بدات برایی و تەبایی و یەکگرتوویی ڕیزەکانی میللەت بپارێزێت و خۆی بەدوور بگرێت لە ووروژکاندنی هەموو بابەت و ناوەرۆکێك کە یەکگرتوویی ڕیزەکانی جەماوەر لێك بترازێنێت و مەترسی دروست بکات بۆ سەر بارودۆخی ئاسایش لەناوچەکەدا و ڕێگلامی بێبەرامبەر بۆ توندڕەویی و دەمارگیری ئایینی بکات.. بەوەی زۆر نەزانانە بانگهێشت بۆ بیر و ئایدۆلۆژیایی تێکدەرانە بکات ؛ زۆر بەتایبەتی لەم بارودۆخە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

19-5-2007 0:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

هێجگار هەستیارەدا کە عێراقی فیدراڵی و هەرێمی کوردستانی پیا دەگوزەرێت لەوەی کە دیاردەی تیرۆر لەپەرەسەندندایە و تیرۆریستەکان سات لەدوای سات لەخۆڕێخستن و پتەوکردنی ڕیزەکانی خۆیاندان.. ڕووداوە دڵتەزێنەکانی ئەم دوواییەش گەواهی تەواوی ئەم ڕاستییەن.. کاتێك کەتیبەکانی بەناو کوردستانی سەر بە ڕێخراوی تیرۆریستی ئەلقاعیدە لەناوچەکەدا بەئاشکرا کەوتوونەتە جموجۆڵ و پراکتیزە کردنی سیاسەتی قەتل و عامی کوێرانەی هاووڵاتیان و هێزەکانی سەر بەوەزارەتی ناوخۆ و پێشمەرگە.. وەك تەقینەوەکانی ئەم دوواییەی هەولێر و مەخموور و ڕووداوەکانی ناوچەی پێنجوین.. کە گورزێکی گورچکبڕی توندڕەوەکان بوو بۆ سەر خەڵکی و حکومەت و ئەزموونەکەمان.

لەکێشمە کێش و تەپ و تۆزی ئەم تراژیدیا مەترسیدارەدا و لەهەنگاوێکی تەواو نامەسئولانەو بێسەروبەرەدا پێگەی ئەلکترۆنی سەر بەوەزارەتی ناوخۆ لە سلێمانی لەجیاتی ئەوەی گفتوگۆ و دیدار لەگەڵ خەڵکانی پسۆڕی بواری بەرەنگابوونەوەی دیاردەی تیرۆردا ئەنجام بدات هەستاوە بە سازکردنی دیمانەکی ڕاستەوخۆی تێروتەسەل لەگەڵ یەکێك لەگەورەترین و دیارترین سەرانی تیرۆردا کەخاوەن ڕابردوویەکی پڕ تاوان و خوێناوییە لەگەڵ گروپە تیرۆریستەکاندا و بگرە ئەمیرو دامەزرێنەری بەناو جوندوالئیسلام بووە کە ئێستا موریدو قووتابیەکانی درێژە بەپەیڕەو پرۆگرامە تێکدەرانەکەی دەدەن لەناوچەکەدا.. دیارە لەدیمانەکەشدا پێگەی وەزارەتی ناوخۆ زۆر ئازادانە دەرگای واڵا کردووە بۆ ئەم سەرکردە تیرۆریستە کەژەهرەکانی بڕێژێت و داکۆکی لەکارە تێکدەرەکانی گروپە توندڕەوەکان بکات.. بەڕاستی ئەم هەنگاوەی پێگەی وەزارەتی ناوخۆ جێی تیاڕامان و شۆکان و گومانی تەواوە ئەگەر ئەمە پەیامی پێگەی وەزارەتی ناوخۆی هەرێمەکەمان بێت ئیتر نازانم بە چ ڕوو و بە چ پاساوێکەوە لۆمەی کەناڵی الجزیرە بکەین کە گوایا ناوبەناو چاوپێکەوتن و دیدار لەگەڵ سەرانی گروپە تیرۆریستیەکاندا ئەنجام دەدات.. ئەگەر بەراوردێکی سەرپێی بکەین لەنێوان پەیامی الجزیرە و ناوەرۆکی دیمانەکەی پێگەی وەزارەتی ناوخۆدا هەر زوو بۆمان دەردەکەوێت کە کەناڵی الجزیرە زۆر لە پێگەی وەزارەتی ناوخۆ میانڕەوتربووە لەم بوارەدا.. لەبەر ئەوەی تاکو ئێستا الجزیرە ماوەی نەداوە کەسەرانی تیرۆریستی بەناو موجاهیدین بەئاشکرا لەمینبەری الجزیرەوە فەتوای کوشتن و خۆ تەقاندنەوە دەربکەن.. وەك ئەوەی پێگەی وەزارەتی ناوخۆ لەزاری گەورە تیرۆریستێکەوە بڵاوی کردۆتەوە کاتێك لەمیانەی چاوپێکەوتنەکەدا لەوەڵامی پەیامنێری پێگەی وەزارەتی ناوخۆدا مەلا کرێکار بەحەرفی دەڵێت: (حافز قورئانێك بووبێتە موتەرجمی ئیحتلال چ جای سەرباز و جاسوس کوشتنی نەك هەر حەڵاڵە بەڵکو واجبە ئیتر بەفیشەك دەکوژرێت یان بەتەقینەوەیەك جیاوازی چیە؟) ئافەرین پێگەی وەزارەتی ناوخۆ کەئاوا ڕاشکاوانە خوێنی سەرباز و هێزەکانی هاوکاری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان بەم شێوەیە لەزاری گەورە تیرۆریستێکەوە حەڵاڵ دەکەیت و بانگهێشت بۆ فەتوای قەتل و عام کردنیان دەکەی.. لەدرێژەی دیمانەکەدا پێگەی وەزارەتی ناوخۆ لەزاری پڕ لەژەهری مەلاکرێکارەوە حکومەتی یەکگرتووی هەرێمی کوردستان سووك و ڕسوا دەکات کەبەروبوومی یەك ڕووبار لەخوێنی پیرۆزی شەهیدانە بەوەی کرێکار لەم مینبەرەوە دەڵێت: (ئەوەی بەناو حکومەتی یەکگرتووی کوردستانە وانازانم مافی میللەتی دابین کردبێت بەڵکە لەجیاتی ئەوە هاوکاری سوپای داگیرکەرانی کردووە بۆ کووشتنی کوردەکانی پارچەکانی تر ئەمە بێجگە لەپێشێل کردنی مافی مرۆڤ خەڵك هەیە کاتی بەعس لەموسڵ لەسەر سیاسەت زیندانی کراوە ئێستاش هەمان کەس لای یەکێتی بێسەروشوێنە. ) .

لەبڕگەیەکی تری دیمانەکەدا مەلا کرێکار لەمینبەرە موعجیزەکەی وەزارەتی ناوخۆوە سووکایەتی بەپێشمەرگە دەکات و دەڵێت: (یەکێتی و پارتی پێشمەرگەیان کردۆتە کرێگرتەی خاوەن کارتی سەوز بۆ پاسەوانێتی ئیحتیلال و پرۆژەکانی) ... دیارە سووکایەتی کردنەکە تەنها پێشمەرگە و سەربازەکان

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ناگرێتەوە بەڵکە بازدەدات بۆ سەر هەموو دام و دەزگاحکومییەکان هەر بۆیە لەوەڵامی پرسیارێکدا کە ئایا پەرلەمان تاچەند نوێنەرایەتی خەڵکی دەکات؟ کرێکار دەڵێت: (تا هیچ هەروەها دەڵێت ئەوان واتە پەرلەمانتارەکان خۆیان و کەس و کاریان و مەحسوبانیان وەکو بەرانی گێژ لەهەردوو بەر دەخۆن) .

کار بەمەوە ناوەستێت و مەلا کرێکار دەگاتە ئەو خاڵەی کە سووکایەتی بەسەرانی مووسڵمانی ئێمەوە بکات کەبێ گومان لە بەڕێزان مام جلال و کاك مسعود زیاتر مەبەستی کەسێکی تر نیە.. هەربۆیە مەلا کرێکار ئەم سەرکردە مووسڵمانانەی پۆلێن کردووە و ئەوانەی ئێمەشی خستۆتە پۆلی سێیەمەوە و دەڵێت: (ئەمانە ئەسپی عەرەبانەی وولاتانن. ) لەتەوەرێکی گلاوی تری دیمانە پرگوومانەکەدا کرێکار بەرگری لەکۆنە تیرۆریستە هاوەڵەکانی دەکات لە گروپی بەناو جوند الئسلام و دەڵێت: (هەندی لەسەرکردەکانی جوند الئسلام خوا بەشەهید وەری گرتن و هەندێکیان زیندانی لای تاغوتەکانی کورد و عەرەب و ئەمریکان و هەندێکی تریشیان هێشتا پیاوی مەیدانن و گورزی کاریگەر دەوەشێنن لەو جۆرەی دڵمان دەداتەوە. ) ... بەڵێ لێرەدا و لە پشت مایکرۆفۆن و شاشەی ڕەنگینی پێگەی وەزارەتی ناوخۆوە کرێکاری گەورە تیرۆریست سەرکردەی کورد بەتاغوت ناوزەند دەکات و کوژراوە گۆڕبەگۆڕەکانیان بە شەهید لەقەڵەم دەدات و لەهەمووشی قێزەونانەتر کردارە تیرۆریستییە هەنوکەییەکانی ئێستا لە خۆکوژی و سەربڕین و قەتل و عام کردنی سەرباز و پۆلیس و سیڤیل وەك کارە تیرۆریستییەکانی ئەم دواییەیی هەولێر و مەخموور و ناوچەی پێنجوین و ئەوانەی پێشووی سلێمانی بەگورزی کاریگەر وەسف دەکات کەوەك خۆی دەڵی دڵمان دەداتەوە ... دواتر کرێکار دەستەواژەی تیرۆر لەسەرەتاوە بۆ کۆتایی ڕەتدەکاتەوە و بە جیهاد ناوی دەبات و دەڵێت: (تیرۆر جنێوی جەماعەتی جورج بوشی سیخن و هاوڕایانێتی بەرامبەر نەیاران. ) وابزانم لەناوچەکەدا کەس بەئەندازەی کورد هاوڕا و پشتیوانی جورج بوش نەبووە بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریستان..

دواتر لە لووتکەی سنوور بەزاندنی مەلاکرێکاردا بۆ هەموو هێڵە سوورەکان و لە لووتکەی دەبەنگی و گێلی پێگەی وەزارەتی ناوخۆدا کە ماوەی بڵاو کردنەوەی ئەم پەیامە خوێناوییە تیرۆریستییەیی داوە کە گروپە تێکدەرەکان بەپارە دەیکڕن و ژێر زەوی بۆ دەگەڕێن مەلا کرێکار بەرگری لەکارە تیرۆریستییەکان دەکات کەرۆژانە سەدان هاوولاتی گەنج و پیر و منداڵ و سەرباز و پۆلیس دەبنە قوربانی و بگرە فەتوای حەڵاڵ بوونی دەدات بەوەی دەڵێت: (تەقاندنەوە وەسفی ڕووداوێکە کە دەشێت بەهەق بێت وەك تەقاندنەوەی بۆمبێك بەدوژمندا) بێگومان لەزیاترلە شوێنێکدا پێشتر ووتوییەتی کەیەکێتی و پارتی و لایەنگرانیان دوژمنی سەرسەختی ئیسلامن.. کەواتە خوێنی میللەتێکی بۆ کوشتن بەفەتوایەك حەڵاڵ کرد ... دواتر لەوانەیەکی عقائیدی و فەلسەفی کۆنەپەرستی سەلەفیەتدا کرێکار باس لە جیهادی تەلەب و جیهادی دەفع دەکات و هەوڵ ًدەدات بیر و هۆش و سەرنجی لاوەکانمان بەم ئیجتیهادە نەخۆشانە ژەهراوی بکات.. دیارە ئەگەر قەڵەم و مایکرۆفۆن بدرێتە دەست بنلادن و زەواهیریش هەر بەم ڕەوتە دێنە ئاخافتن.. لەلایەکی تری ئەم مەهزەلە بەردەوامەدا کرێکار گاڵتەجاڕی بە عیلمانیەتی کوردی دەکات و دەڵێت: (دەرەقەتی ئیسلام نایەت و شەڕە قۆچیشی لەگەڵ ئیسلامدا پێناکرێت) .. لەدرێژەی باسەکەدا کرێکار سووکایەتی بە یاسا و ڕێساکانی کوردستان دەکات و دەڵێت: (لەکوردستان پارتی ویەکێتی هەموو یاساکان دێننەوە بن دەستی ئەو دوو حیزبە یاسای پاراستنی بەرپرس هەیە و یاسای پاراستنی هەتیو نیە یاسای دەوڵەمەند کردنی بەرپرسان داڕێژراوە و یاسا بۆ نەهێشتنی بەتاڵە و ڕی گرتن لە چوونە هەندەران دەرنەکراوە) .. دواتر کرێکار تەواوی نەوەی ئێستای کورد بە درۆزن و مەیموون ناودەبات کاتی دەڵێت: (نەوەیەکی کوردی دروست بووە لەدرۆ و

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

خۆفشکردنەوە و هەڵەپاسی و تەمەلوق بۆ بەرپرسان و ڕەفتاری مەیموون ئاسایی بۆ حیزب هیچی تر نازانێت) ..

لەتەوەرێکی تری باسەکەی کرێکاردا بۆ ناوزڕاندنی یەکێتی وپارتی لەوەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی کۆمەڵ کوژییەکانی ناو عێراق دەڵێت: (کی دەڵی یەکێتی و پارتی خۆیان نین تا عەرەبەکان بەخۆیانەوە خەریك بکەن. ) .. لە ناماقوڵییەکی کەم وێنەی مەلای تیرۆریستدا لەوەڵامی ناماقوڵییەکی تری پێگەی ناوخۆ کرێکاری مونافیق هێرش دەکاتە سەر خودی بەڕێز مام جلال و دەڵێت: (ئیستا بۆچی قبوڵمان بێت هەر نائب عەریفییەکەی جارانمان پی بدرێتەوە.. چ کارێکی کورد بەوە دەچێتە پێش کە کەسایەتییەکی کورد بکرێتە سەرۆك کۆمار.. سەرۆکێکی بی دەست و قاچ و بی زمان.. سەرۆکێکی تەشریفاتچی هەر ئەوەندەی پێبسپێردرێت بەخێربێیت قونسولگەری نوی خوات لەگەڵ قونسولگەری کۆن... ) .

دیارە جنێو و سووکایەتی پێکردن و گاڵتەجاڕی مەلاکرێکار بە ئەزموونی کوردستان و حیزبەکانی و نەوەکانی زۆر دوور ودرێژەو لەژێر گلۆپی سەوزی پێگەی وەزارەتی ناوخۆدا ئەسپە شێی ووتارە نامەسئولانەکەی خۆی تاو دەدات و لەکۆتایدا و لەوەڵامی پرسیارێکدا دەربارەی هەڵسەنگاندنی هەریەك لە بنلادن و زەرقاوی و شێخ زانا کرێکار دەڵێت: (ئوسامە بنلادن پێشەوایەکی لێهاتووی فکرو بزافی ئومەمییە و جوامێر و دیندارە.. زەرقاویش سوارچاکێکی زەمانی هەتیوی ئوممەتی ئیسلام بوو رەحمەوالله حافز قورئان خاوەن پێنج ساڵ زیندان خاوەن جیهاد.. شێخ زاناش مووسڵمانێکی مەزڵووم کەبەزۆر کرا بە لالە سەرحەد.. ) .

بەڵی ئەمە بەکوورتی شیکردنەوەی هەندی لایەنی ووتە ژەهراوییەکانی مەلاکرێکاربوو.. کەتیایدا بەوپەڕی ئازادییەوە بانگهێشت بۆ فیکرو ئایدۆلوژیایی خۆی و توندڕەوە سەلەفییەکان دەکات کە ئەمڕۆ هۆکاری ڕاستەقینەی ئەم زام و خوێنبەربوونە بەردەوامەی عێراق و ناوچەکەن... زەرقاوییەکی گۆڕبەگۆڕ کەبەدەستی خۆی و لەڤیدیۆی تۆمار کراودا دەیان کەسی بێتاوانی بەچەقۆ ژەنگاوییەکەی سەربڕیووە و هۆکاری ڕاستەوخۆی کووشتن و بریندارکردنی هەزاران کەسی بێتاوانی تریش بووە کرێکاری گەورە تیرۆریست بە سوارچاك و خاوەن جیهاد ناوزەندی دەکات لەچ مینبەرێکیشەوە مینبەری وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان کەئەرکی بنەڕەتی قەلاچۆکردنی تیرۆریستانە نەك بڵاو کردنەوەی فەتوای سەرە گەورەکانی تیرۆر بۆ خاتری زیاتر خۆش کردنی ئاگری کوشتار و دووبەرەکی.

بیگۆمان دیارە بەرنامەی کاری ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆ داری بەسەر پەردویەوە نەماوە و بێسەروبەرە.. دەنا ئەمە بەواتای چی لەلایەکەوە لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا داوای هاریکاری لەخەڵکی ناوچەکە دەکات و لەلایەکی تریشەوە خۆی کردووە بەزمان حاڵی تیرۆریستان و لەزمانیانەوە پاساوی تەواو بۆ کردەوە تیرۆریستییەکان و خۆتەقینەوە و سەربڕین دەهێنێتەوە و سووکایەتی بە حکومەت و خەڵکی و هێزی پۆلیس و پێشمەرگە دەکات ئەمە بێجگە لەناوزڕاندن و ڕسواکردنی سەرکردە سیاسییەکانمان..

بەڵگەی حاشاهەڵنەگریش بۆ ئەوەی کە دیمانەکەی پێگەی وەزارەتی ناوخۆ لەگەڵ کرێکار لە ئەلیفەوە بۆ یا ْ چۆتە خانەی خزمەتکردنی تیرۆر و تیرۆریستانەوە ئەوەیە کە پێگەی دووربینی ئیسلامی توندڕەو کە وێنەی چالاکی کەتیبەکانی قاعیدە بڵاو دەکاتەوە لەگەڵ وێنەی دوو پۆلیسە شەهید کراوەکەی پێنجوین کەبە جاش پۆلیس ناوی هێناون هەرهەمان پێگەی توندڕەو ستایشی پێگەی وەزارەتی ناوخۆ دەکات و دەڵی لەبەر ئەوەی باوەڕی بە ئازادی هەیە بۆیە ئێمە چاوپێکەوتنەکەی مەلا کرێکار وەکو خۆی بی دەستکاری و دەقاودەق بڵاو دەکەینەوە..

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
19-5-2007 0:17بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بێگومان بی دەستکاری و دەقاودەق بڵاوی دەکاتەوە!!لەبەرئەوەی خۆی لەبنەڕەتدا ئەمە کاری پێگەی دووربینی ئیسلامی توندڕەوە نەك پێگەیەکی سەر بەوەزارەتی ناوخۆ بەڵام دیارە عەبقەرییەکانی ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆ بە بیردۆزی (لەجیاتی) هەستاون بەم ئەرکە مێژووییە بۆ بەرژەوەندی تیرۆریستەکان... لەم ڕووانگەیەوە من جیاوازییەکی ئەوتۆ نابینم لەنێوان هەریەك لەپێگەکانی الحسبە و دووربین و الزوراْ و بەناو موجاهیدە تیرۆریستەکاندا و لەنێوان پێگەی وەزارەتی ناوخۆدا لەڕوانگەی بڵاوکردنەوەی بۆ ئەم دیمانەیە کەپڕە لە هاندان و بانگهێشتکردنی ئاشکرایە بۆ خوێن ڕشتن و توندوتیژی و نائارامی لەناوچەکەدا.. ئەگەر وەزارەتی ناوخۆش وەزارەتی ناوخۆ بێت بەرپرسی ئەنجام دانی ئەم کارە مەترسیدارە سزای توند دەدات هەر بۆ خاتری خوێنی ئەو دووشەهیدەی ماوەیەك لەمەوبەر لەپێنجوین بەدەستی کەتیبەکانی کوردستانی سەر بەڕێخراوی الفاعیدە شەهید کران و پێگەی دووربین وێنەی لاشەی شەقار شەقار و پێناسەکانی بڵاوکردنەوەوە کە لێی نووسرابوو (وەزارەتی ناوخۆ) .. بەڵی هەر هەمان پێگە کە ستایشی پێگەی وەزارەتی ناوخۆی کردبوو بۆ بڵاوکردنەوەی چاوپێکەوتنەکەی مەلاکرێکار... دوای هەموو ئەم ڕاستیانە ئایا پێگەی وەزارەتی ناوخۆ بەم هەڵوێستە تەواو نامەسئولانەیەیی بەمەبەست خۆیان نەکردووە بە مینبەرێك بۆ فەتوای پڕ لەخوێن و مەرگی گەورە تیرۆریستان !!؟؟.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.